وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ١٩٠٩
ڕێکەوت : ١٧ / ٥ / 2023

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.5- 2023) تەندەری پرۆژەی**

**( دروست کردنی بینای بەشی نیشینگەی گەرمیان )**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگاداری سەرجەم بەڵێنـدەر و کۆمپانیاکـان دەکەیـنەوە کە تەنـدەر ی پـرۆژەی نـاوبراوی سـەرەوە هەیە , کە ئامـادەکراوە لە لایەن ( ئیـدارەی گەرمیـان ) , لەسـەر بـودجەی داهـاتی ( 17%) داهـاتی ( غرامـات و رسـومات)ی ب.هـاتووچۆی پارێزگـای سـلێمانی جێبەجـێ دەکرێـت , هەرکەس ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیە بـا سـەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکـات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی تەنـدەر .
ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (450) چوار سەد و پەنجا ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکـردنەوە گشـتی یە بەپێـی ڕێنمـایی جێ بەجێکردنـی گرێبەسـتە حکومی یەکـان ژمـارە( 2 ) سـاڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی ( سـێ شـەممە 18 / 4 /2023)ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە 4 / 5 / 2023) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 300,000) سێ سەد هەزار دینار کە نـاگەڕێتەوە بـۆ خـاوەنەکەی وە کرێـی بڵاوکـردنەوەی ئەم ئاگـادارییە دەکەوێـتە ئەسـتۆی ئەو کەسـەی کەم کـردنەوەکەی بـۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە 7 / 5 / 2023) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:15)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .

• مەرجەکان:
1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 1 تا 4 ) بێت وە پێناسی وەزارەتی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
2- بارمتەی یاسای بە بڕی ( 32,230,000 ) سی و دوو ملیۆن و دوو سەد و سی هەزار دیناری عێراقی دەبێت بە چەکێکی بـاوەڕ پێکراو ( مصدق ) یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە بانکیکی باوەر پێ کراو لە هەریمی کوردستان, بـۆ ئیـدارەی گەرمیـان وە ناوی پرۆژەکەی لەسەر بنووسرێت ماوەی ( 120) سەد و بیست ڕۆژ بێت وەک بارمتەی تەندەر لە کاتی گەڕانەوەیدا .
3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2023) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ 6 / 2023**